## وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ
### بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

ژمـــــــــارە : ١١٩٣٢
ڕێكەوت : ٢٠٠٨/٩/١

### بەیان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨

بە پێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە و پاڵپشت بە ماددەی (٧)ی یاسای پارێزگاكان ژمارە ( ١٥٩ )ی ســـاڵی ١٩٦٩ ی هەموار كراو ،

بڕیارماندا بە گۆڕینی ناوی گوندی ( گورەشا ) بـــۆ گوندی ( گۆڕە شێر ) لە سنووری ناحیەی سیدەكان لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بـــڕیارە.

**كریم سنجاری**
**وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ**

## وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ
### بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

ژمـــــــــارە : ١٢١٠٥ و ١٣٤٤٦
ڕێكەوت : ٢٠٠٨/٩/٧ و ٢٠٠٨/١٠/٧

### بەیان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨

بە پێی ئەو دەسەلاتەی كە پێمن دراوە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و ئاماژە بە كۆنووسی كۆبونەوەی ئەنجومەنی كارگێری ناحیەی بەحركە بە ژمارە ( ١٧١٧ / ٢٧ / ٧ / ٢٠٠٨ ) ،

بڕیـــــارماندا بە دابـــڕانی گوندی (( سەیـــدان )) لە نـــاحیەی كەورگۆسك كە ژمـــارەی كـــەرتەكـــەی (٥٢/ سەیدان )ە و لكاندنی بە ناحیەی بەحركە لە رۆژی دەرچوونی ئەم بریارە .

**كریم سنجاری**
**وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ**